# نواندنی سیاسیانە لەرێگەی رەمزەکان، لە دیدی مێینەدا

د. رەئوفە حەسەن
**و:عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا**



**پێشەکی:**

تۆماس کاریلفی فەیلەسوف، لە کتێبەکەی کە بە ناوی "فەلسەفەی جلوبەرگ"ە دەڵێت: ((ئێستا مرۆڤ جوانی سروشتیانەی جەستەی لە بیر کردووە، جەستەی بۆتە جێگەی هەڵواسینی قوماشی تەنك ونیان)) [ت]. ئێمە لێرەدا وێڕای رەهەندە فەلسەفیەکانی چیرۆکی جلوبەرگ لە پەیوەندی مێژوویی و ئیستێتیکی لەگەڵ جەستەی مرۆڤدا، لەگەڵ رەهەندگەلێك مامەڵە دەکەین، کە هەر لە بەرەبەیانی مێژوو، رووە جیاوازەکانی رەفتاری مرۆییان لەخۆ گرتووە. قسەکردن لە سەر پۆشینی جلوبەرگ، مامەڵەکردنە لەگەڵ پرۆسیسەکردنێکی مرۆیانە، کە بەپێی زەمەن بەردەوام دووچاری گۆڕانکاری دەبێتەوە. واتە قسەکردن لە سەر جلوبەرگ، قسە کردنە لە سەر مێژوو، وەك چۆن قسەکردنە لە پێشکەوتنە مرۆییەکان. بەمجۆرە لە پێشکەوتنە مێژوویەکانی مرۆڤ دەکۆڵینەوەو دەکەوینە دووتوێی شێوازی گشتی لێکۆڵینەوە نوێیەکانی جیهانەوە، ئەو شێوازەی لێکۆڵینەوە بە رۆشنبیرییەك ناودەبرێت، کە لقێکە لە زانستە نوێیەکان و لە بەرەوپێشچوونی لێکۆڵینەوە مێینەکانەوە هاتۆتە بەرهەم ، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانە لە زانستە مرۆییەکاندا نکۆڵی لە پسپۆڕێتی وردەکارانە دەکات.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەخت لەسەر میتۆد و تیۆری لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکانی ئەمرۆی دنیای عەرەبی لە بارەی مێینە (بە زاراوە کۆمەلآیەتیەکەی، وەك لە هەندێك باری ئەدەبیش بە زاراوەی سێکسییەکە) دەکەینەوە. بە نیسبەت ئێمەوە گرنگی ئەو لێکۆڵینەوانە لەوەوە دێت کە بۆ ئاشکراکردنی سنوورە سیاسی و کۆمەلآیەتیەکان، جەخت لە بابەتی جلوبەرگ وەك سەرچاوەیەك دەکرێتەوە، بە تایبەتی لە نێوان هەردوو رەگەزدا. سەرەڕای ئەوەی، کە گرنگی لە جلوبەرگدا چڕ دەکرێتەوە بە دیوەکەی دیکە دەبێتە بەرکاری ئەومەسەلەیەش، بەلآم ئەو وێناکردنانەی کە کۆمەڵگاکان لە رێگەی جلوبەرگەوە پێشکەشیان کردووە، لە زۆربەی بارەکاندا زاراوەکان بە بنبەستبوون دەگەیەنن و وەك پیشە پێشوازی لە جلوبەرگ دەکەن و هەروەك شتێکی سروشتی بیۆلۆژی سەیری دەکەن، وەك ئەوەی بەجیاوازی کات و شوێن هیچ گۆڕانکاریەکیان بەسەردا نەهاتبێت، ئەوەش ساختەیی میتۆدی لێکۆڵینەوە مێینیەکانمان نیشان دەدات، لە چاوی راڤەکەرانی رۆشنبیریی و راڤەکارە کۆمەلآیەتییەکانەوە، کە چۆن جلوبەرگیان لە بارە سروشتی و بایۆلۆژییەکە جیا کردۆتەوە. هەر لەوێشەوە دەردەکەوێت، کە چۆن کۆمەڵگاکان بۆخۆشیان نەیانتوانییووە بە بێ جلوبەرگ، بۆچوون، یان پرۆسیسەکردنی ژیان و کارەکانی مرۆڤ وێنا بکەن، هەروەها بۆ ئەوەی مرۆڤەکان دیاری بکەن، رێگە جۆراوجۆرەکانی جلپۆشین و ماناکانیان کەشفکردووە، و رەگەزەکانیان بە پێی ئەو شێوەیەی کە مێینە قبولیەتی، یان نێرینە، لێکجیا کردۆتەوە.

وەك چۆن جەختیان لە سەر پەیوەندییە دیاریکراوەکانی رۆشنبیری روخساری هەر یەك لە رەفتاری مێینەو نێرینە کردۆتەوە،و ئەو رێگەیەی کە مێینە یان نێرینە بۆ بونیادنانی خودی خۆیان لە رێگەی جلوبەرگ پۆشینەوە پێی هەڵدەسن خستۆتە روو، بەو مانایەی کە جلوبەرگ دەچێتە خانەی سیستەمی رەمزەکانەوە شان بە شانی زمان، یان بیناسازی، یان ناومالٚ و کۆمەڵێك رەمزی رۆشنبیری دیکە.

وەك روونمان کردەوەو جیاوازییەکانی هەندێ لەو میتۆد و تیۆرانەمان قەبلاند، کە لە لێکۆڵینەوە لە سەر مێینە سەرچاوەی گرتووە، سەرەتا بە ریسواکردنی مۆدیل هەڵدەسن، بۆ ئەوەی وەك بنەڕەتێك لە سەر جیاوازی نێوان پیاو ژن رابنەوە، بەرامبەر ئەوە هەندێك میتۆدی دیکە بۆ ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە هاتنە ناوەوە، بۆ ئەوەی ئەو نکۆڵێکردنە ریسوا بکەن و جەخت لە سەر ئەوە بکەنەوە کە سەیرکردنی جل پۆشین لە پێودانگی ئەخلاقییەوە لەجێی خۆی نییە، بەرامبەر نائەسڵیبوون، یان پێکهاتەی ئاگایی ساختە، یان ئەوەی کە شوێنی بەهای ساختەیە هەمان بیروڕایان هەبوو، نەك هێندە بەڵکو هەندێك لە میتۆدەکانی ئەو لێکۆڵینەوانە وا سەیری جلپۆشینیان دەکرد، وەك ئەوەی رێگەیەك بێت، بۆ تەعبیرکردنی هونەرییانە و سیاسییانە، گەرچی هەندێجار ئەو رێگەیە وەك پێویست روون و ئاشکرا خۆی نیشان نەدەدا.

لە لێکۆڵینەوە نوێیەکان و ئەو میتۆدانەی لەوانەوە هاتوونەتە بەرهەم، دەشێ لە رێگەی پۆشین و ئامرازەکانی جوانکردن بە خشڵ و ئاڵتوون و بڕینی قژ و نەخشاندن و رەنگکردنەوە، رووخسار کاری لەسەر بکرێت، جا چ ئەو رووخسارانەی کە بە کەسایەتییە گشتییەکانی وەك سیاسیەکان بەندە، یان گۆرانبێژانی پۆپ و ئەستێرەی سینەمایی و نواندنەوە. بۆ بەدواداچوونی چۆنێتی رێگەپێدانی رووخساری ئەو کەسایەتیە دیاریکراوانە، لەلایەك وەك تاك، لەلایەکی دیکە رۆڵی سەرسامکەرانیان و لە سێیەمیان رۆلی ئەو ئامرازانەی کە پسپۆرانی سەر بە پەیوەندییە گشتییەکان و برەو پێدەران وبانگەشەکەرانی ئەو ئامرازانە، هەموو ئەوانە ئامادەییان هەیە.

### باگکراوەندی مێژوویی لە بارەی بالأپۆشی سیاسیانەوە:

چەرخی هەشدەو نۆزدەو تا دەگاتە نیوەی چەرخی بیستەم، هەموو ئەو ماوەیە بە ماوەی تازەگەرێتی ئەوروپی ئەمریکی دەژمێردرێت. لەبەر ئەوەی جلوبەرگ وەك دەرئەنجامێکی جۆراو جۆری مۆدیل دێتە ژماردن و رێکو پێکی و چێژی بەو ماوە رۆشنبیریی و پیشەسازییەوە بەندە، کە لە رێگەی تازەگەرییەوە درێژ بۆتەوە، واتە یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی دیاردەی تازەگەری و بە خودی ئەو دیاردەیەوە پەیوەستە، ئەوروپا شوێنگەیەك بووە بۆ بەیەکگەیشتنی مۆدیلی فەرەنسی و بەریتانی و ئیتالی بە بێ جیاوازی.

ئەگەرچی لە رووی زانستییەوە تەعمیمکردن راست ناکەوێتەوە، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا مۆدیلی ئەوروپی دەشێ وەك دەرکەوتنێکی یەکگرتووی رەفتاری زۆر لە ولأتان و هەروەها ئەو ولأتانەی کە تایبەتمەندی جل لەبەرکردنی خۆیان هەیە، سەیری بکەین. هەر لە سەدەی هەژدەوە وەك (سیگراید موللەر) دەڵێت: گفتوگۆیەکی بەرفرەوان بەگشتی لە ئاستی ئەوروپییەوە هاتۆتە ئاراوە کە لە رووی تایبەتییەوە بە بۆیەیەکی نێرینەیی بۆیە کراوەو هەر لەوێشەوە وا سەیری جلوبەرگ دەکەن وەك ئەوەی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی (ناسیونالی) بێت. لەو رووەشەوە پۆلەندەو ئەسکوتلەندە رابەرایەتی ئەو بیرکردنەوەیە دەکەن، هەر ئەو کاتەش بوو کە ئەوان دەوڵەتی نیشتیمانیان لە دەست دابوو، دەیانویست بەو شێوەیەو لە رێگـــــەی ئـــــەو رەمـــــزەوە رووبـــــەرووی دوژمنـــــەکانیان بوەستن و پارێزگاری لە ناسنامەکانی خۆیان بکەن.

هەروەها لەو ولأتانەی کە خاوەنی دەوڵەتی نیشتمانی خۆیان نەبوون، ئەو مەسەلە دەمەتەقێی زۆری دەنایەوە، چونکە پێیانوابوو هێنانەوەی جلوبەرگی بێگانە دروستکردنی دوژمنە لە نێو خۆیاندا، وەك چۆن لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسی ئەو مەسەلەیە واتە مەسەلەی جلوبەرگ رەمزێك بوو رووبەرووی ئەرستۆکراتییە لۆکاڵەکان دەکرایەوە، بەمجۆرە ئەو مەسەلە رەمزێك بوو بۆ بەرەنگاری کردنی جلوبەرگ و رەنگ ونەخشی ئەو جلوبەرگەی کە ئەوروپی بەکاریدەهێنا.

شۆڕشی فەرەنسی هەوڵیدەدا لە ڕێگەی ئەو ڕەمزە یەکگرتووە جیاوازەی خۆیەوە دەمەتەقێ بخاتەوەو ڕەمزەکانی خۆی بەرەو پێبدات و بیکاتە بەردی بناغەی دەوڵەت و دەستوری هاوبەش.

هەروەها لە سوید دەبینین فیکری جلوبەرگی یەکگرتووی نیشتیمانی لە ڕێگەی ئەو جلوبەرگەوە بوو، کە لە نێو دادگا بەکاریان دەهێنا و دادگا پشتی پێدەبەست، بە ڕەمزی خۆی دادەناو بە بەهێزکردنی ئابووری نیشتیمانی خۆی دەزانی هەروەك چۆن لەم ڕووەوە سنورێکی بۆ خەرجکردنی زیاد لە پێویست دانابوو.

بەڵام لە دەوڵەتە ئەوروپییەکانی دیکە (کەرواتیە، پۆڵەندە، ئیسکەتلەندە، سلۆفییا، هەنگاریا) هەمان دەمەتەقێ لە ئارادابوو لەگەڵ ئاراستەکردنیان بۆ جلوبەرگی تەقلیدی و دێرین، هەروەها هەر یەك لە ئەڵمانیا و یۆنان هەمان ئاراستەیان گرتبوو بۆ ئەوەی برەو بە ڕەمزە وەرگیراوەکانی نێو ڕەگەزە مێژووییەکانی خۆیان بدەن.

چەمکی جلوبەرگی یەکگرتووی نیشتیمانی (لۆکاڵی) و گفتوگۆی سیاسی هەمیشە بە ماناکانی ڕەمزی ناسنامەوە بەند دەکراو ڕووبەرووی هەرەشەکانی ئەویدی دەستڕۆیشتوو دەکرایەوە، بۆیە زۆر جاران هاندانی گفتوگۆکردنی ئەو مەسەلەیە و برەو پێدانی گفتوگۆکردن لەو بارەیەوە لە ڕێگەی برەو پێدان و پۆشینی ئەو جلوبەرگەیەکگرتووە ئەوروپییە بوو لەلایەن سیاسیەکان و گەورە پیاوانیانەوە بەکار دەهێنرا دەرئەنجامی قەیرانی شەڕ و بەرگریکردنی داگیرکەران بوو، یان پارێزگاریکردن بوو لە نەتەوە، هەندێجاریش دەرئەنجامی بەرگریکردنی ئەو هەوڵانە بوو کە دەیویست جیاوازییەکان ڕەشبکاتەوە.

دەبینین ئەوروپا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە شانۆیەك بوو بۆ هەموو جۆرە پاڵنەرێکی جلوبەرگی نیشتیمانی، هەروەها دەسپێشخەرییەکانی ئسکۆتلەندە بۆ جلوبەرگی یەکگرتوو بۆخۆی بەرگریکردنی ئینگلیز بوو، وەك چۆن هەوڵەکانی ئەڵمانیا هەڵوێستێك بوو دژ بە فەرەنسا، جلوبەرگی کەرواتیاش پەرچەکرداری دوژمنکارانەی مەجەری بوو، هەروەها لە یۆنان ڕووبەروو بوونەوەی دەوڵەتی عوسمانی و لە فەرەنسا دژ بە ئەرستۆکراتە حاکمەکان دەکەوتەوە.

جلوبەرگی یەکگرتوو کە ئەو کات زۆر قسەی لە بارەوە دەکرا، مۆدیلێك بوو بۆ قەناعەت پێهێنان یان بۆ گردبوونەوەی گشتی واتە جلوبەرگیان وەك ڕەمزی خۆیان بەرز دەکردەوە.

بە هەمان ئەو توانایانەی کە لە پاڵنەرەکانەوە دەکەوتەوە بۆ تەبەنیکردن و گفتوگۆکردن لە بارەی ڕەمزی نوێنەرایەتیکردنی سیاسییەوە، کە تەعبیری لە بەرگریکردن و ڕەتکردنەوەو بەدەستهێنانەوەی ناسنامە دەکرد، لێرەدا جیاوازی جۆراوجۆریش لە هێزی بەرهەمهێنەری ئەو ڕەمزانەو برەو پێدانیان بەرچاو دەکەوت.

لە یۆنان و پۆڵەندەو ڕوسیاو سوید و مەجەر، ئەمیرەکان و چینی ئەرستۆکراتی ئەوانە بوون کە لە ڕێگەی پۆشینی جلوبەرگێکی لۆکاڵی و نیشتیمانییەوە دەیانەویست تەعبیر لە ناسنامەی دەوڵەت و گەل بکەن، بەڵام لە ئەڵمانیا بزنسمانەکان و بۆرژوا شارنشینە پیشەیی و بازرگانەکان بە کردەی بەرهەمهێنان و تەبەنیکردن و پۆشینی هەڵدەسان، وەك ئەوەی هەر ئەوان بتوانن جلوبەرگێکی نیشتیمانی بۆ وڵاتەکەیان بخەنەوە.

**پۆشینی جلوبەرگی سیاسی لە دیدی ئافرەتان لە خۆرئاواوە**

ئەو پرنسیبەی کە فەلسەفەی جلوبەرگی لە سەر ڕابۆتەوە نوێنەرایەتی سەرچاوەی فیکری ئەو ناوەڕۆکانە دەکات کە لە دواییەکانی سەدەی نۆزدەوە وەك لایەنێکی بونیادی دەوڵەت دەرکەوتووەو بە شێوەیەکی تایبەتیش نێرینەی هاونیشتمانی.

بەڵام تەماشاکردنی گەل لە لۆژیکی مێینەوە ڕۆڵی ڕەهەندی ڕۆشنبیری ڕەسەن و جاویدانییە، کە لە دووتوێی خەیاڵدانی گشتیدا دامەزراندنی کۆمەڵ و کۆمەڵگەی ئافرەتانەی لە سەر دامەزراوە، هەر لە ڕێگەی ئافرەتانەوە هەوڵدراوە ئەو چەمك و هەڵوێستە دۆگماو کۆنانە دیاری بکرێت، هەروەها تەماشاکردنی دەوڵەت لە لۆژیکی نێرینە لە بنەڕەتدا بە کەنارەوە بەندەو خۆی لە کردەی دیاریکراودا هەڵدەگرێتەوە. هەر لەوەشەوە دەبینین بزاڤی بەرەوپێچوونی جلوبەرگی پیاوان لە سەر بناغەی پاکوخاوێنی و گەشبینی دەردەکەوێت، سەرەرای ئەوەی کە قابیلی جولەو نەرم و نیانی و دڵنیاییشە.

بەڵام ئاراستەکانی پێکهاتەی جلوبەرگی ئافرەتانە جیاواز و پەرگیر دەکەوێتەوە، بەرەو تەسکبوون و کۆتوبەندکردنی جولەی

جەستەو هەروەها زێتر مامەڵەکردن لەگەڵ جەستەی ئافرەتدایەو بە پێی بە شتبوون بە کارفرما بایۆلۆژییەکان دابەش دەبێت، جا چ لە ئافرەتی شووداری سەرنج راکێشدا بێت، یان لە ئافرەت وەك دایك و سکپڕو شیردەردا.

لە دوا دوای سەدەی بیستەم و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی بزاڤی ژنان و رەتکردنەوەی بەها دوونییەکان کە جۆرێك لە جلوبەرگیان بە سەر ئافرەتاندا فەرز کردبوو، جۆرێك لە جلوبەرگ هاتە نێوەوە کە دەشێ بە جلوبەرگی یەکگرتووی گۆڕاو ناویان بەرین. ئەو جۆرە لە جلوبەرگ هەندێك لێکنزیکبوونەوەی لەگەڵ جلوبەرگی پیاواندا هەیە، وەك جۆرێك لە ئازادکردنی جەستەو سفتی و بەردەوامبوونی جۆرێك لە هێلە لێکجیاو جیاکارەکانی تایبەت بە جەستەی ئافرەت و جوانی ئافرەتانەوە.

هەروەها بە هۆی زۆربوونی ژانوژواری نیشتیمانی تایبەت بە جلوبەرگی ئافرەتانەوە، ئەمڕۆ زۆر لە هەوادارانی ناسنامە لە بەرامبەر جلوبەرگی ژنانە خۆیان بە هەڵگری ئەو ژانوژوارە دەزانن، بە بێئەوەی پیاوان و جلوبەرگی پیاوان بخەنە دووتوێی ئەو مەسەلەیەوە، ئەوەش لەو گفتوگۆیە جیهانیەدا دەردەکەوێت کە هەر لە دواین سەدەی بیستەمەوە هەتا ئێستا درێژەی هەیە.[ii]

---

[i] ـفلسفة الملابس، توماس كاريل، ترجمة السباعي، القاهيرة.

[ii] ـ لێرةدا هةنديَ ئيشكاليةتي جؤراوجؤر لة بارةي سةرداثؤسيني ذنانة و لةوانةش ضيرؤكي حيجاب يةكيَكة لةو ضةمكانةي كة دةكةويَتة نيَو ئايين و سياسةت و دنيابينيةوة.

**<u>سةرضاوة:</u> طؤظاري ئةلجسور- ذمارة 7/ سالَي 2005.**